ISSN: 1999-5601 (Print) 2663-5836 (online)

Lark Journal

Available online at: https://lark.uowasit.edu.iq

*Corresponding author:

**Harsin yassin hussein.**
**Abas abdullah salih**
University: University of Sulaymaniyah.
College: College of basic education
Email:
harsin.husen@univsul.edu.iq
abas.abdulla@univsul.edu.iq

***Keywords:***
social theory ,the society, literature, augest count, emil durgaim, Ibn khaldun

A R T I C L E  I N F O

***Article history:***
Received 21 Mar 2023
Accepted 14 Jun 2023
Available online 1 Jul 2023

# Social theory ,its dimensions ,and its commitment to national literature

A B S T R U C T

The text explores the impact of social factors on writers and their literary works, emphasizing how writers' thoughts and emotions are significantly influenced by their social surroundings. The research is divided into two sections. The first section focuses on the social approach, which analyzes literary texts by examining their depiction of social reality. It provides a brief overview of the historical development of this approach and acknowledges criticisms regarding its limited focus on social factors. The second section delves into five dimensions of societal influence on writers. The philosophical dimension highlights the importance of social foundations and systems in governing society, shaping writers' perspectives. The religious dimension emphasizes the role of religion in maintaining social cohesion and values. The Marxist dimension addresses class conflicts, advocating for justice and addressing the oppression faced by the working class. Lastly, the logical dimension connects a successful society to a strong state, recognizing society as the foundation of the state. In conclusion, the research emphasizes the social approach's belief that society serves as the primary driving force behind literary works. It highlights the interconnectedness between writers and their social environment, illustrating how societal dynamics shape their creative output. The text explores various dimensions of societal influence on writers, including the philosophical, religious, Marxist, and logical aspects. Overall, it underscores the intricate interplay between writers and society, examining how societal factors impact their literary creations.

© 2023 LARK, College of Art, Wasit University

DOI: https://doi.org/10.31185/

## نظريه الاجتماعيه و ابعاده و التزامه بأدب القومي

هرسين ياسين حسين / جامعة السليمانيه / كلية التربيه الأساسية
عباس عبدالله صالح/ جامعة السليمانيه / كلية التربيه الأساسية

**الخلاصة:**

إنسان في المجتمع ينفذ فعالياته اليومية والأديب كأحد أفراد المجتمع بشكل أو بأخر يكون متأثرا إلى حد كبير بالعوامل الإجتماعية في بيئتة لأن الأديب كإنسان وكأحد أفراد المجتمع ذو إحساس وتفكير يؤثر فيه أحداث المجتمع ويترجم مواقفه وردود أفعالة في أعمالة الأدبية سواء كان شعرا أو الرواية أوقصة في هذا البحث

سلطنا الضوء على مفهوم وتعريف وتاريخ النظرية الإجتماعية وكذلك تسليط ضوء على أبعاد النظرية الإجتماعية من ناحية الفلسفية والإقتصادية والدينية والماركسية والمنطق مع ذكر نتائج البحث.

**تیۆری كۆمەڵایەتی و ڕەهەندەكانی وپابەندبوونی بە ئەدەبی نەتەوەییەوە**

**پێشەكی**

تیۆری كۆمەڵایەتی یەكێكە لەو تیۆرانەی زۆری لەسەر نووسراوە ولەگەڵی ڕەهەندەوە لێكدانەوەی بۆكراوە ئێمە لەم توێژینەوەدادەمانەوێ پابەندی بكەین بە ئەدەبی نەتەوایەتییەوە ولەو ڕەهەندانە بدوێین كە گاریگەریان لە سەر چینەكانی كۆمەڵگە هەیە.چونكەئەدەب بە درێژایی مێژوو ئاوێنە وڕەنگدانەوەی گۆڕانكارییكان بووە وتوێژینەوەكەش لە دووبەش پێكهاتووە لەبەشی یەكەمدا بە تیۆری كۆمەڵایەتی داوە وبەشی دووەمیش باس لە ڕەهەندە كۆمەڵایەتییەكان دەكات.

كلیلی وشەكان:تیۆری كۆمەڵایەتی،كۆمەڵگە،ئەدەب،ئۆگست كۆنت،ئمیل دورگایم،ئیبن خەلدون.

كلمات المفتاحيه : نظرية الاجتماعيه ،المجتمع ، الأدب ، أوجست كونت،اميل دورجايم، ابن خلدون

ڕێبازی لێكۆڵینەوەكە **:** ڕێبازی لێكۆڵینەوەكە بریتیە لە ڕێبازی(پەسەندی شیكاری) ولەدووبەشی سەرەكی پێكهاتووە:لەبەشی یەكەمدا لە تیۆری كۆمەڵایەتی دواوین ولەبەشی دووەمدا لە ڕەهەندەكانی تیۆری كۆمەڵایەتی دواوین ولە كۆتایدا ئەنجامی لێكۆڵینەوەكەمان خستۆتەبەرباس.

سنوری توێژینەوەكە: ئەم توێژینەوە لە سنووری ئەو بابەتانە دەكۆڵێتەوە كە پەیوەندییان بە تیۆری كۆمەڵایەتییەوە هەیە.

ئامانجی توێژینەوەكە:بایەخدان بە ڕەهەندی كۆمەڵایەتی وئەو ڕەهەندانەی پەیوەستە بە تیۆری كۆمەڵایەتی.

**بەشی یەكەم:_**

**چەمک و پێناسەی میتۆدی كۆمەڵایەتی:_**

لەبارەی چەمک و پێناسەی میتۆدی كۆمەڵایەتی زۆر شت نوسراوە لەلایەن نوسەران و ڕەخنەگران و توێژەرانەوە هەریەک لەڕوانگە و تێگەیشتنی خۆیەوە پێناسەی كردووە میتۆدی كۆمەڵایەتی زۆر بابەت لەخۆ دەگرێت چونكە هەڵقوڵاوی كۆمەڵگەیە لە زۆر لایەنەوە و ئەدیب زادەی كۆمەڵگەكەیەتی بەرهەمەكانی ڕەنگدانەوەی بارودۆخی كۆمەڵگەیە و ئەو بەرهەمانەش كە ڕەنگدانەوەی بارودۆخی كۆمەڵگەیە نرخ و بایەخ و چێژی زیاترە لای خوێنەر و تەمەنی درێژترو جەماوەری زۆرترە .

یەكەم ڕەخنەگر كە گرنگی بەلایەنی كۆمەڵایەتی داوە فەیلەسوفی یۆنانی''(ئەفلاتون)ە بەو پێیەی پێوەرێكە بۆ پەسەندكردنی شیعر وشاعیرەكانی لە كۆمارە نمونەییەكەیدا دەركرد چونكە ڕەوشت تێك دەدەن بەڵام

ئەوانەی بۆ بەرزکردنەوەی حەماسەتی جەنگاوەرەکان شیعر دەنووسن دەبێت زۆر ڕێزیان لێ بگیرێت ئەمەش تێڕوانینکی کۆمەڵایەتیانەیە بۆ ئەدەب '' (خليل ، ٢٠١٧، ٩٦).( هیبۆلیت تەین١٨٢٨-1897 ز) گەورە ڕەخنەگری فەرەنسی''زیرەکی گەڕاندوەتەوە بۆ سێ هۆکار کە بریتین لە ژینگەو کات و ڕەگەز (الجنس) : ئەم هۆکارانەش لە ڕەهەندی کۆمەڵایەتی بێبەش نین چونکە ژینگەی نووسەرێك یاخود هەر شاعیرێك کۆمەڵگەکەیەتی'' (خليل،٩٧).مەبەست لە ژینگە''ئەو شوێنە و کات جوگرافیەیە کە ئەدیب تیایدا دەژیت وبی گومان کاریگەر دەبێت پێوەی وەکو خەڵک وکەش وهەوا وئەوانی تر مرۆڤ دوورە پەرێز ناژیت لە خەڵک''(قصاب،٢٠٠٩،٢٧)وکات'' ئەو سەردەمەیە کە نووسەر تیایدا ژیاوە وئەو ڕووداوە سیاسی وکۆمەلایەتی وئابوریانەی کە لەم سەردەمە ڕوویداوە لەگەڵ ئەو باروۆخ وهۆکارانەی کە باڵادەست بووە لە م سەردەمەدا ''( قصاب،٢٠٠٩ ،٢٧).و ڕەگەز ''مەبەست لێی کۆمەڵێک سیفەتی بۆماوەییە کە نووسەر لە مللەتەکەی وەریگرتووە''( قصاب، ٢٠٠٩,٢٦).

میتۆدی کۆمەڵایەتی هەوڵە سەرەتاییەکانی دەستپێکردو وەکو پرۆگرام''لەو کاتەوەی مادام دی ستایل کتێبەکەی لە (ئەدەب لە پەیوەندییەکدا لەگەڵ سیستەمی کۆمەڵایەتیدا ) لەساڵی ١٨٠٠ بڵاوکرایەوە و ئەو بنەمایەی بەفەرەنسا ناساند کە ئەدەب دەربرینی کۆمەڵگەیە ئەو شیکاریانەی کەلەکتێبی ڕەخنەگر (هیپۆلت تاین) (مێژووی ئەدەبی ئینگلیزی)لەساڵی ١٨٦٣ دا هاتووە دەتوانرێت وەك یەکێك لە دیارترین بەکارهێنەرەکان هەژماربکرێت کە نوێنەرایەتی میتۆدی کۆمەڵایەتی دەکات لە لێکۆڵینەوەو شیکردنەوەی ئەدەبدا'' (هويدي ، ٢٠١٥ ، ١٠٠-١٠١).

هەروەها (جورج لوکاش ١٨٨٥-١٩٧٤ز) ڕەخنەگری مارکسی بایەخی زۆری دەدا بە''ناوەرۆکی کۆمەڵایەتی بەرهەمە ئەدەبیەکان دواتر بەشێوە هونەرەیەکەی هەروەها بانگەشەی دەکرد کە پێویستە ئەم کارانە گوزارشت لە واقیعی کۆمەڵایەتی بکەن کە لە دەوروبەری ئەدیبەو پابەندبوونی بەکاروباری چینی کرێکاران بەپلەی یەکەم''(عوض ، ٢٠٠٣، ١٣٠) .دیارترین ڕەخنەگری کۆمەڵایەتی لەفەرەنسا ''(لوسیان غولدمان) ە داهێنەری هەردوو کتێبی (خواوەندی شاراوە ) لێکۆڵینەوەیەکە بۆ بۆچوونی کارەساتبار بۆ(تێروانینەکانی) (باسکال وشانۆی راسین) (1955) وکتێبی (لە پێناوی سۆسیۆلۆژیای ڕۆمان) (1946)''(موريل،64،2003).

بێگومان ئەوەی سیفەتی چوارچێوەی پرۆگرامی ڕێکخراو و شێوەی فیکری پێگەیشتوو بەخشیە تیۆری کۆمەڵایەتی ئەدەب''بیرمەندی مادی ناودار (کارل مارکس) بوو کە خاوەنی تیۆرییەکە بەناوی خۆی دوای ئەوەی لەسەر دەستی بوو بە تیۆرێکی تەواو و تێروانینێکی فەلسەفی بۆ ئەدەب و پێشکەوتنی

کۆمەڵگە''(هويدي،٢٠١٥ ، 101).بە ڕای مارکس''ئەدەب سەر بە هێزی ئابووری وئایدۆلۆژییە وهیچ بەهایەکی هونەری بنەڕەتی یان سەربەخۆیی نییە''(مەعروف،2012 ،28).

لێکۆڵینەوەی ئەدەبی سۆسیۆلۆجی دوو لایەن دەگرێتەوە بەڕای، (هانس نۆربێرت فوگین) ، لایەنێکیان ''کار لەگەڵ ئەو هەل و مەرجە کۆمەڵایەتیە دەکا کە بەرهەمە ئەدەبیەکە دێنێتە کایەوە( لایەنەکەی تر) بەهۆی کارە ئەدەبیەکەوە ڕێگای هاتنەپێشەوەی هەل و مەرجە کۆمەڵایەتیەکە خۆش دەکا( مەبەست لێی کاریگەری ئەدەبە لە خوێنەر وکۆمەڵ هەردوو ڕواڵەتەکە لێك نزیکن و لەواقیعی کاریشدا لەزۆر لایەنەوە پابەندی هەل ومەرجی یەکترین)''(هالبێرگ و دانەرانی تر ، 2018 ، 162-163).

لەم بۆچوونەدا دا ئاماژەی بەدوو ڕووی دەقی ئەدەبی داوە لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتیەوە یەکێکیان بریتیە لەو بارودۆخە کۆمەڵایەتیەی کەبەرهەمەکە دێنێتە کایەوەو لایەنێکی تری بریتیە لەو بەرهەمە ئەدەبیەی کە بارودۆخە کۆمەڵایەتیەکە دەیهێنێتە کایەوە لە کۆمەڵگەدا چونکە بەدرێژایی مێژووی ئەدەبی زۆر بەرهەم و دەقی ئەدەبی هەبووە کاردانەوەو کاریگەری زۆر گەورەی هەبووە لای تاکەکانی کۆمەڵگە و زۆرجار بۆتە هۆی گۆڕانکاری لە زۆر بواردا وەکو کۆمەڵایەتی سیاسی ، ئابووری ، ئاینی ، هتد چونکە نرخ و جوانی دەقی ئەدەبی لەوەدایە کاریگەری دروست بکات لای خوێنەر و ببێتە هاندەرێك گۆڕانکاری بکات لە کۆمەڵگەکەی .

بۆیە ڕاوبۆچوونی جۆراوجۆر لەسەر چەمکی میتۆدی کۆمەڵایەتی نوسراوە لەو پێناسانەکە باس لە چەمکی میتۆدی کۆمەڵایەتی دەکات ئەم پێناسەیە کە دەڵێت:

''کۆمەڵێکە لە چەمکە بەیەکەوە گرێدراوەکان بەشێوەیەکی ڕێک کێشە تیۆریەکان پێک دێنێت بایەخ دەدات بە روون کردنەوەی یاساکانی دیاردەی کۆمەڵایەتی دیاری کراو''(أحمد ، 2020 ، 60).

لەو پێناسانەی کە جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەدەب ڕەنگدانەوەی کۆمەڵگەیە ئەم پێناسەیە کە بریتیە لەوەی :'' میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایتی یەکێکە لە میتۆدە ڕەخنەییە گرنگەکان ئەم میتۆدە هەوڵی ئەوە دەدات کە ئەدەب و کۆمەڵگە  بە یەکەوە پەیوەست بکات و ئەوە بخاتە ڕوو ئەدەب ڕەنگدانەوەی بارودۆخی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەیە بە گشتی و نوسەر بە تایبەتی یە بۆیە لەو پەیوەندیانە دەکۆڵێتەوە وە کە ئەدەب بە کۆمەڵگەوە دەبەستێتەوە هەوڵی روون کردنەوە و شیکردنەوەیان دەدات و سەرئەنجام ئەدەب بە زادەی کۆمەڵگەو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی دادەنێت کە وا بەستەی کۆمەڵگەیە''(سالح،٢٠١٢ ،١٤).میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی'' لە دیدێکی کۆمەڵایەتیەوە لە ئەدەب دەکۆڵێتەوە بە پێی هەرسێ بنەماکانی ئەدەب کە بریتین لە ؛ نوسەر لە ڕووی پیشەو سیمای کەسایەتیەکەی دەقی ئەدەبی لە ڕووی ئەو بابەتانەوە کە وەک

چارەسەر دەیانخاتەڕوو .جەماوەریش لە ڕوی چۆنیەتی وەرگرتنی کارە ئەدەبیەکانەوە'' (مستەفا ، ٢٠١٩ ، ٢٣٢) .

لەو پێناسانەش کە جەخت دەکاتە سەر ئەوەی کێشەو بارودۆخی کۆمەڵگە ئینجا ئەو بارودۆخانە چ ئابوری یان کۆمەڵایەتی یان سیاسی .....هتد بێت ئەم پێناسەیە کە دەڵێت''دەتوانین ڕەخنەی کۆمەڵایەتی بە یەکێک لەو جۆرە ئەدەبیەکان دابنێین ئەگەر هاتوو ئەو بەرهەمە ئەدەبییە چارەسەری کێشەیەکی ئابوری یان ڕامیاری یان کۆمەڵایەتی بکات لە زۆربەی کاتەکاندا تەنها چارەسەری ئەو بابەتانە دەکات کە جێگەی گرنگی و بایەخی ڕای گشتیە لە سەردەمی خۆیدا ''(ساڵح،٢٠١٢ ، 13).

دەربارەی پابەندبوونی ئەدەب بە بارودۆخی کۆمەڵایەتی لەم پێناسەیەدا دیارە کە دەڵێت: ئەو زانستەیە کە لە پەیوەندی نێوان ئەدەب و کۆمەڵگە دەکۆڵێتەوە یان ئەو زانستەیە وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی لە ئەدەب دەڕوانێت لێرەدا ئەدەب پابەند دەکرێت بەو هەل و مەرجە کۆمەڵایەتیەی تێیدا دەژی'' (ئەسوەد ، ٢٠١١ ، 126). وەک سەرەتا ئاماژەمان پێدا کە میتۆدی کۆمەڵایەتی جەخت دەکاتە سەر شێوەکانی دەرەوەی دەق ئەوە لەم پێناسەیە دیارە کە دەڵێ :- ئەو ڕێبازەیە کە ئەدەب و کۆمەڵگە بەچینەجیاوازەکانیەوە دەبەستێتەوە بەبیانووی ئەوەی کەبەشێکە لە سیستەمی کۆمەڵایەتی لە دیاردەی ئەدەبی دەکۆڵێتەوە هەروەها لێکۆڵینەوە لە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی خۆی دەکات کارلێکردن لەگەڵ سیستەمەکانی و ئەو ئامانجەی کە ئامانجیەتی'' (بارش ، 2016 – 2017 ،83).هەر لەو بارەیەوە (کمال مەعروف)ە کە دەڵێ :-''بیرۆکەی میتۆدی کۆمەڵایەتی یاخود ڕەخنەی کۆمەڵایەتی کە پێربێریس ناوی دەنێت ئەو تیۆرەی کە ئەدەب بە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی دەزانێت نوسەریش بەرهەمەکەی بۆ خودی دانانێت بەڵکو بۆ کۆمەڵگەی بەرهەمی دێنێت لە فەلسەفەی مادی مارکسیدا هەموو کۆمەڵگەیەک دوو بونیاد بەخۆوە دەگرێت ژێرخانی کۆمەڵ کە بەرهەمی ئابوری دەگرێتەوە سەرخانی کۆمەڵیش وەکو بواری ڕۆشنبیری و هزری و سیاسی کە ڕەنگدانەوەی ژێرخانیەتی هەر گۆڕانێک لە هێزی بەرهەمهێنان ڕوبدات کاریگەری لە پەیوەندی کۆمەڵایەتی و ڕێکخستنی هزرەوە دەبێت '' (مەعروف ، ٢٠١٢ ، ٢٣).

لە هەموو ئەو پێناسانەی سەرەوە دەردەکەوێت کە لە میتۆدی کۆمەڵایەتی بارودۆخی کۆمەڵایەتی شاعیر تەوەری سەرەکی لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندنی دەقی ئەدەبیە دەتوانین بڵێین دەقی ئەدەبی دەبێ ڕەنگدانەوەی واقیعی کێشەو گرفتی کۆمەڵگەبێت چونکە شاعیر یان ئەدیب تاکێکە لە کۆمەڵگە .

ئەو ڕەخنانەی کە لە میتۆدی کۆمەڵایەتی گیراوە :_

١.''سوربونیانە لەسەر ئەو تیروانینەی کە ئەدەب ڕەنگدانەوەی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووری ئەدەبیە ( ئەمەش بە تیۆری ڕەنگدانەوە ناسراوە ) لەکاتێکدا کۆمەڵگە تەنها پاڵنەرێکە زۆرن ئەو بەرهەمە ئەدەبیانەی سیاقە کۆمەڵایەتیەکانیان تێپەڕاندووە'' (قەطوس ، 2011 ، 43) .

٢.''مامەڵەلەگەڵ ئەدەب دەکات لە دەرەوە سەرقاڵ دەبێت بەوەی لەدەقەکان ناوەرۆکی کۆمەڵایەتی و سیاسی هەیە . سەرقاڵ دەبێت بە ناوەڕۆك بەبێ شێوە هەرچەندە شێوەیە کە ئەوەی ئەدەبە لە نائەدەب جیادەکاتەوە'' (قصاب،٢٠٠٩ ، 45).

٣.''جەختە کردنە سەر کۆمەڵ و گرنگی نەدان بە تاك''( الخطیب ، بلاتأریخ ، 256).

٤.''بڕیار لەسەر کار دەدات بەگوێرەی ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و فیکری واتە بیروباوەڕی ڕەخنەگر بڕیار لەسەر ''باشی کاری ئەدەبی یان خراپی دەدات'' (قصاب ،٢٠٠٩، 47).

سەرەڕای زاراوەی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی'' میتۆدی کۆمەڵایەتی لە ڕەخنەدا کۆمەڵێك چەمك و زاراوەی ڕەخنەیی گرنگی داهێنا وەك (هونەر بۆ کۆمەڵە) و (پەیامی ئەدەب ) و( پەیامی هونەر ) و (ئەدەبی پابەند) و (ئەدەبی شۆرشگێری ) و(ڕیالیزمی ڕەخنەیی) و(ڕیالیزمی سۆشیالیستی ) ''(قەطووس ،٢٠٠٩، 44).

**بەشی دووەم: بنەما وڕەهەندەکانی تیۆری کۆمەڵایەتی:_**

**یەکەم :ڕەهەندی فەلسەفی:-**

فەلسەفە زانستێکی کۆن و دێرینە لە زۆربەی بابەتەکانی پەیوەست بە کاروباری مرۆڤی کۆڵیوەتەوە بابەتی کۆمەڵگەش بێبەش نەبووە لە لێکۆڵینەوە .ڕاوبۆچون و دیدی فەیلەسوف و قوتابخانە فەلسەفیە بەناوبانگەکانی بواری فەلسەفی هەریەکە بە شێوازێک ڕاوبیری خۆی دەربریوە بەرانبەر کۆمەڵگاو پیشکەوتن و کێشەو گرفت و چارەسەرەکانی'' فەیلەسووفی یۆنانی (ئەفلاتون) (427 - 347 پ.ز)'' کۆمەڵگە بەجەستەی مرۆڤ دەشوبهێنێ) وەبەگوێرەی ئەو شوبهاندنە دابەشی دەکات بەسەر سێ بەشدا :_

1-سەر مەبەستی بەڕێوەبەرانی کۆمەڵگە و کار بەدەستانن.

2-دڵ یان سینگ . هێزی سەربازی و سوپاییەکانن کە ئاسایشی کۆمەڵگە دەپارێزن.

3-زگ (یان جگەر) ئەو کەسانەی کار بۆ ئامادەکردنی'' (موحسنی ،83،٢٠٠٥). لەبارەی فەلسەفەی کۆمەڵایەتی چەند بنەمایەکی داناوە لەوانە دەڵێت:''دادو دادپەروەری گەوهەری ژیانەو مەبەستی سەرەکی پرۆسەی سیاسیە و ئەوپەیوەست و شیرازەیە کە ساغی و توندوتۆڵی کۆمەڵ ڕاگیر دەکات دەبێتە مایەی ئەوەی وەک ئۆرگان و پێکهاتەیەک ڕۆڵ و دەوری سەرەکی خۆی لە ژیانی ئەندامانیدا بگێڕێ'' .(عەزیز ، 2006 ، 134).پێی وایە'' دادپەروەری ئەو کاتە لە کۆمەڵگا دەچەسپێ کە خەڵك بەدوای تەماع و زێتر خوازیدا نەگەڕێن و قەناعەت بە ژیانی سادەی خۆیان بکەن ئەگەر وانەبێ گروپێك دەست بەسەر زەوی

ئەوانی تردا دەگرن و بوار بۆ سەرهەڵدانی شەڕ دەرمخسێ لەهەر شارێکدا دانیشتوان بۆ دوو دەستە دابەش دەبن .هەژار ودەوڵەمەندەکان دوژمنایەتیەکی هەمیشەیش لەنێوان ئەم دوو دەستەواژەیەدا دروست دەبێت''(موحسنی،٢٠٠٥،٨٣).

ئەم بۆچونەی (ئەفلاتوون ) بانگەشەکردنە بۆ دادپەروەری و بە شادەماری ئارامی کۆمەڵگەی داینا‌وە چونکە ئەگەر دادپەروەری نەبێت کێشە زۆر دەبێت و چ لایەنی کۆمەلایەتی یان ئابوری ...هتد .نادادپەروەری جیاوازی چینایەتی دروست دەکات لەنێوان ئەندامانی کۆمەڵگە .

فەیلەسوفی عەرەبی (جاحظ 159-255 هـ ) یەکێکە لەو فەیلەسوفانەی کە پێی وایە''  ئەو بنیاتەی کە کۆمەڵگە مرۆڤایەتیەکان لەسەری بنیات دەنرێن لە کۆنەوە تا ئێستا دەمێنێت تا (رۆژی قیامەت) پێویستی خەڵکە بۆ یەکتری (ئەم پێویستیەیە کە هانیان دەدات بۆ هاوکاری لەنێوان خۆیاندا.لەسەر گەیشتن بەوەی کە دەیانژێنێت و زیندویان دەکاتەوە و زانینی ئەوەی کە زەرەریان دەدات بۆ دورکەوتنەوەلێی پێویستی خەڵک بۆ یەکتری کورت نابێتەوە سەر مندالانی خێزان بەتەنیا یان یەک دێ یان یەک شار یان یەک میللەت لەسەردەمێک لەسەردەمەکان بەلام هەموو ئەوانە تێدەپەرێنێت بۆ میللەتانی ترو لەسەردەمە جیاوازەکان''(بوملحم ، ١٩٨٨ ، 269).

(جاحظ) پێویستی خەڵک بۆ یەکتری بە بنەمای مانەوەی کۆمەڵگەی داناوە چونکە دەبێتە هۆی هاوکاری لەنێوان خۆیاندا بۆ یارمەتی دانی یەکترو گەیشتن بە ئامانجەکان و لەیەک بازنە کورتی ناکاتەوە بەڵکو پێی وایە دەیگوازێتەوە لەسەردەمەوە بۆ سەردەمێکی تر و لە میللەتێکەوە بۆ میللەتێکی تر .

کەچی فەیلەسووفی ئەڵمانی هیجل(١٧٧٠-1831ز) پێی وایە''کۆمەڵگە بریتیە لە دوو گرووپی نایەکسان گروپێك ئەوانەن کە زیاتر لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندی تایبەتی ئابووریدا پێکهاتوون و گروپەکەی دیکە ئەوانەن کەئەرکی بەڕێوەبردن و جێبەجێکردنی یاسا و سیستەمە مەدەنیەکانیان لەئەستۆیە بێ ئەوەی پێویست بکا لەگەڵ یەکتردا هەڵبکەن و پێکەوە بگونجێن'' (دامەزراوەی میهەن ، 2006 ، 25)

زانای کۆمەڵناس و فەیلەسووفی فەرەنسی  (ئیمێل دورگایم ) (1898-1917ز) کە پێی وایە کۆمەڵگە پێک دێت لە : _

1- ''سستەم و یاسا کۆمەلایەتیەکان ، سیستەم و دامودەزگا کۆمەلایەتیەکان لە خودی خۆیدا لە کۆمەڵێک لە یاسای ڕاگرتنی ڕەوشت بۆ بەجێهێنانی ئامانجی دەزگای کۆمەلایەتی زیاتر نییە .

٢- دیاردەکان یان واقیعە کۆمەلایەتیەکان جۆرە دوبارە کراوەکانن لە ڕەوشتی کۆمەلایەتی تاکەکانی کۆمەڵگە هەستی پێ دەکەن.

3-هێزە عەقڵی یان فکری یان ڕەوتیە فیکریە ڕۆشنبیریەکان کە کۆنترۆڵی ڕەفتارو کردە کۆمەڵایەتیەکان دەکات'' ( الغریب ، 2012 ،141 ).

(دورگایم) زیاتر جەختی کردوەتە سەر سیستەمە کۆمەڵایەتیەکان بۆ پێکهاتەی کۆمەڵگە هەروەها دەڵێت''کۆمەڵگە کاروباری بچووکی هەیە هەروەها کاروباری گەورەی هەیە و مەرجە خۆشمان بوێ و ڕیزی لێ بگرین وێنای بکەین بە پێچەوانەی کە هەیە چونکە ئەگەر وابوو ناتوانین خۆشمان بوێت یان ڕێزی لێ بگرین تەنها تەواو نەبێت (تەواوبونێکی نمونەیی) '' (دورگایم ،١٣٠، 1966).

لەم قسەیەی (دورگایم) دا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە نابێت بەگوێرەی کاروباری کۆمەڵگە رێز لە کۆمەڵگە بگیرێت چونکە کاروباری کۆمەڵگە جیاوازە لەهەر حاڵەت و شێوەیەک دەبێت تاک بە چاوێکی بەرزەوە سەیری کۆمەڵگەکەی بکات لەنرخی کەم نەکاتەوە .

لەمیانەی ئەو ڕاو بۆچونانەی کە خستمانە ڕوو دەتوانین چەمکی کۆمەڵگە لەڕووی فەلسەفیەوە کە ڕاوبۆچونی جیاواز لەخۆدەگرێت دەکرێت واتە هەر فەیلسوفێك ڕوانگەی تایبەتی خۆی بۆ کۆمەڵگەدا هەیە ئەمەش نیشاندەری مانای قووڵی کۆمەڵگەیە بەڵام بە گشتی کۆمەڵگا بەبەردی بناغەی ژیانی مرۆڤ دادەنرێت واتە مرۆڤ بەبێ کۆمەڵگە ناتوانیت بژیت چونکە سروشتی ژیانی مرۆڤ پێویستی بەچەند شتێکی بنەرەتیە لە پێویستیەکانی ژیانی مرۆڤایەتی وەکو بەدەستهێنانی خۆراك و زانست و ئاسایش ....هتد هەموو ئەمانەش لەئەنجامی پێکەوە ژیانی تاکەکان لەگەڵ یەکتردا بەدی دێت .

**دووەم:ڕەهەندی ئابووری :-**

لایەنی ئابوری بوارێکی گرنگە و بنەرەتیە لە ژیانی هەر تاک و کۆمەڵگەیەک و بە بڕبڕەی پشتی کۆمەڵگە دادەنرێت و هەندێ جار دەگاتە ڕادەی مانەوەی تاک یان کۆمەڵگەکە بە لایەنی ئابوریەوە بەندە چونکە لە زۆربەی بوارەکان و کاروباری ژیاندا بە لایەنی مادی نەبێت ئەنجام نادرێت وەکو پەیداکردنی خۆراک و دەرمان و جلو بەرگ.....هتد ئەمانە هەمووی دیاردەیەکی ڕۆژانەیە لە ژیانی تاک لە کۆمەڵگە بوونی ئابوری دروست بەیەکێک لە فاکتەرە سەرەکییەکانی کۆمەڵگە و دەوڵەتی سەرکەوتوو دادەنرێت کە بریتین لە لایەنی ئاسایش وماددی بۆ ئەوەی خەڵکەکەی ئاستی گوزەرانی ژیانیان ئارام وباش بێت و بە سەرفرازی بژین چونکە هەر کەم و کورتیەک لە بواری ئابوری هەر کۆمەڵگەیەک دەبێتە هۆی دروست بوونی کێشە و ئاڵوزی و هەروەها دەبیتە هۆی بوونی نەخوێندەواری وبڵاوبوونەوەی نەخۆشی کە ئەمانە هەمووی مایەی نەهامەتین بو تاکەکانی کۆمەڵگە نمونە وەک هەندی لە وڵاتانی ئەفریقیادا ''چالاکی ئابووری یەکێکە لە ڕووەکانی چالاکی کۆمەلایەتی بە شێوەیەکی گشتی هەروەها سستەمی ئابووری

باڵادەست لەکۆمەڵگە لە هەر کۆمەڵگەیەک ڕادەیەکی فراوان کاریگەر دەبێت بە ڕۆشنبیری ئەم کۆمەڵگەیە وسستەمی سیاسی وئاینی وپەروەردەیی''(الخواجة وعبدالمجید،2013 ،12) . واتە سستەمە بنەڕەتییەکانی کۆمەڵگە کاریگەری هەیە لەسەرئاڕاستەی پرۆسەی ئابووری کۆمەڵگە چونکە ئاشکرایە هەر کۆمەڵگەیەک خاوەن ڕەوتی ڕۆشنبیری خۆیەتی لەسەر هەموو ئاستەکان لایەنی مادی دەبێت بەشێوەیەکی دادپەروەری دابەش بکرێت واتە هەموو تاکێک سوودمەند بێت لێی نەک چینێک قازانج بکات و لە ئاستی ژیانێکی خۆشدا بژی و چینکێکی تر بە هەژاری چونکە ئەم حاڵەتە لە زۆرلە کۆمەڵگەکانی دونیا ڕویداوە و ڕوودەدات کە لە ئەنجامدا دارمانی کۆمەڵگەکەی لێ کەوتۆتەوە .'' بوونی ئابوری بابەتێکی پێویستە بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگە و پاڵپشتیکردنی هیچ کۆمەڵگەیەک ناتوانێت بژی بەبێ ئابوری کاریگەر بە ڕادەیەکی پێویست بەلایەنی کەم بۆ بەدەستهێنانی پێداویستیە بنەرەتیەکانی ئابوری یەکێکە لە پێکهاتەکانی کۆمەڵگە و کۆمەڵگە چوارچێوەیەکە کە ئابوری تیایدا کار دەکات و بەهۆی ئەم پەیوەندیە هەر کۆمەڵگەیەک ئابوری تایبەتی خۆی هەیە و هەر ئابوریەک ڕەنگدانەوەی پێداویستیەکانی کۆمەلگە و سیفەتە ڕۆشنبیریەکانی دەکات'' (العجلان ، 2020).

سەروەت وسامانی کۆمەڵگەش لە چەند سەرچاوەیەکەوە دروست دەبێت بۆ نموونە لە کۆمەڵگە کۆنەکان''هەندێک کار دەکرد لە ڕاوکردن و هەندێک لە کۆکردنەوەی خۆراک یان ئامادەکردنی چەک و ئەو ئامێرانەی کە لە راوکردن بەکاردێت و پسپۆری بوون بووە هۆی ئەوەی کۆمەڵگەکان بەرهەمهێنانیان زیاتر بێت'' (نعمة الله و اخرون ، 1990 ، 61-62) .وەکو لەسەرەتادا ئاماژەمان پێدا کە لایەنی ئابوری لە ژیانی هەر تاکێک بۆیە پاڵنەرێکە بۆ مرۆڤ بۆ ئەوەی بە دوای دەسکەوت و قازانجی ماددی بکەوێت بۆ بەڕێوەبردنی بارودۆخی ژیانی تایبەتی خۆی گەر ئەمەش ڕووبدات ژیانی کۆمەڵگەکە بە گشتی چاک و خۆش دەبێت چونکە تاک ئەندامی کۆمەڵگەکەیەتی .

سامانی کۆمەڵگە لەلایەن''ئەندامانی کۆمەڵگەوە بەکاردێت بۆ بەدەستهێنانی پێداویستیە ماددی و ڕۆحیەکانیان'' ( حسنين ، 1985، 11) .پێوەری مادی مایەی خۆشگوزەرانی تاکە لە کۆمەڵگە .''دیدی واقیعیەت بۆ مرۆڤ جەخت لەسەر پێویستی بەردەستبونی بناغە ماددیەکان دەکات بۆ ڕاستکردنەوەی ڕێرەوی ژیانی کۆمەڵایەتی و هەمووکەم و کورپەك لە سیستەمی ئابوریدا بە پێویستی دەزانێ لە دواییدا گۆڕانکاری لە شێوازی ژیان بکرێت و کارکردنی کۆمەڵگەکاندا بە ئەرێنی و نەرێنی'' (امزیان ، 1991 ، 374).

لایەنی ماددی دەبێتە مایەی ئاسودەیی و سەرفرازی تاک بەبێ دڵەڕاوکێ کارو چالاکی ئەنجام دەدات بەبێ هیچ بەربەستێک کە ببێتە مایەی لاوازی یان پاشگەزبونەوەی لە ئەنجامدانی چالاکیەکانی وەکو (ئنگلز

)دەڵێت :'' مرۆڤ دەبێت تێر بێت پۆشتە بێت جێگای حەوانەوەی هەبێ پێش ئەوەی بتوانی شتێک بکات و بەجۆرێک ڕێک و پێک بێت و بیر بکاتەوە کردار و ڕەفتار و چالاکی ڕێک و پێک بێت و بەرهەمهێنرانەی مرۆڤ کە وابوو ئەنجامێکی ناچارەکی هۆکار و فاکتەری مادی ئابورین یاخود هۆکاری ماددی مایەی چالاکی مرۆڤە ڕەوشی ئابوری و کۆمەڵایەتی لەسەرەتای ژیانی هۆشیاریانەوە ئەوەیە کە کردار و هەڵویستی مرۆڤ ئیتر بیەوێ پی بزانێ و پی نەزانێ دیاری و دەستیشان دەکات''(عەزیز ، 2006 ، 136).هاوکاری هەنگاوێکی سەرەکیە لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگە (ئیبن خەلدون،1332–1406ز)دەڵێت:_''مرۆڤ ناتوانێ بەتەنیا کەرەستە بنەرەتی و پێداویستیەکانی بەدێبێنێت لەو کۆمەڵگەیەی کە تیایدا دەژیت و هەموو بوونەوەرە مرۆڤایەتیەکان دەبێ هاوکاری یەکتری چونکە بە تەنیا مرۆڤ ناتوانێت پێداویستیە خۆراکییەکانی بەدەستبهێنت''(خواجەوعبدالمجید،47،٢٠١٣) .دابەشکردنی کار لە نێوان ئەندامانی کۆمەڵگادا دەبێتە پاڵنەرێك بۆ گەشەسەندنی بواری ئابووری." لەڕێگەی ئەم پرۆسەیەوە تاك دەتوانێت بەرهەمی زیادبکات بەبێ ئەوەی سەربەخۆ بێت لەکەسانی ترسەرکەوتنی خۆی لەڕێگەی هاوکاری خۆی لەگەڵ ئەندامانی تری کۆمەڵگا ئەنجام دەدات'' (زكريا واخرون ، 2001 ، 334) .

هەروەها کۆمەڵناسی و فەیلەسوفی ئەڵمانی (ماکس فیبر 1864-1920 ز ) پێی وایە کە''ئەستەمە تێگەیشتنی پێشکەوتنی سەرمایەداری لەبەر ڕۆشنایی تەنها هۆکارە ئابووریەکان چونکە مانای وایە کە کەمکردنەوە لە ڕۆڵی تاکەکان لە دروستکردنی کۆمەڵگە و مێژوو''(أحمد ، 2015 ، 58) .واتە ڕۆڵی تاکەکان فاکتەری سەرەکییە لە دروستکردنی کۆمەڵگە لەپاڵ هۆکارە مادیەکان.

لەکۆتایدا دەتوانین بڵێین کە چەمکی کۆمەڵگە لەڕووی ئابووریەوە کۆمەڵگە سەرچاوەی سەرەکی بەدیهێنانی ئابووریە .بۆ بەرێوەبردنی کاری وڵات چ لە ڕووی سامانی سروشتی بێت کە هەندێ کۆمەڵگە بەپێی شوێنی جوگرافی دەوڵەمەندە بەسەرچاوەی ئابووری بەهێزوزۆر دەبێتە مایەی دەوڵەمەندی وڵات هەروەها سامانی مرۆیی کەلەلایەن تاکەکانی کۆمەڵگەدا بەدەست دەهێنرێت وەکو ئاستی زانستی تاکەکان و کارامەییان لەهەندێ پیشەدا کۆمەڵگە و وڵات لێیان سوودمەند دەبێت ووڵات پێش دەکەوێت ئەم هەموو چالاکی و سەرچاوانە لە گۆڕەپانی کۆمەڵگەدا ڕوودەدات بەبێ کۆمەڵگە ئابووری بوونی نابێت چونکە سەرچاوەی سروشتی ئەگەر لەلایەن تاکەکانەوە بەرهەم نەهێنرێت سوودی نابێت و بەکارناهێنرێت بۆ مرۆڤایەتی.

**سێیەم :ڕەهەندی ئاینی :_**

ئاین لەناو کۆمەڵگە جێی خۆی دەکاتەوە لەلایەن پەیرەوانی و گەشە دەکات و لە زۆر حاڵەتیشدا سوودی بە کۆمەڵگە گەیاندووە چونکە سەرجەم ئاینەکان جەخت دەکەنەوە سەر کاری چاک زانای کۆمەڵناسی و

بیرمەندی لوبنانی (خليل احمد خليل) پێی وایە کە لەهەموو سەردەمێك''ئایین دیاردەیەکی نموونەییە بۆ هەموو کۆمەڵگە مرۆڤایەتیەکانی ڕابردوو و ئێستا و داهاتوو''(خليل ، 1984 ، 107).

لەلایەن کۆمەڵناسان و نوسەران بە درێژایی مێژوو لە چەمکی کۆمەڵگە لە لایەنی ئاینیەوە کۆڵراوەتەوە و هەریەکە بە جۆرێک لێکیداوەتەوە و باسی کردووە ''ئایین وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی کە توندو تۆڵ بە قۆناغ و شوێن و کاتی پەرەسەندنی کۆمەڵەوە بەندە پێویستیەکی ناچاری مێژوییەوە وهەر دەبوو هەبێ وهەشبووە'' (عەزیز ، ٢٠٠٧ ، ١٢٩).لەم تێروانینەدا ئاینی گرێداوە بە کۆمەڵەوە وە مەبەست لێی کۆمەڵانی خەڵکە لە کۆمەڵگە وەک پێویستیەک بۆ ڕێکخستنی کاروباری ڕۆژانەیان''کۆمەڵگە کلیلی بنەرەتییە بۆ تێگەیشتن لە ئاین نەک بە پێچەوانەوە بە دانانی ئەوەی کە پرەنسیب و بیروباوەڕ و دیدە ئاینیەکان لە دەقەکانی وەکو لە شیکردنەوەکانی لە واقیعی کۆمەڵایەتیەوە هەڵدەقوڵێ لە پێشکەوتنی مێژوویی لە هەر شوێن و کاتێکی دیاریکراودا'' (برکات ، ٢٠٠٠ ، ٤١٩) .لێرەدادا تێگەیشتنی ئاینی بە کۆمەڵگەدا گرێداوە چونکە پێی وایە دەقە ئاینییەکان لە ڕێگەی کۆمەڵگەوە لێی تێدەگەیت وڕوون دەبێتەوە بنیاتی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە بنەما ئاینیەکان ڕووندەکاتەوە .

کەسایەتی ئەکادیمی سعودی(عبداللةالخريجي)لەتێروانینی بۆپەیوەندی نێوان ئاین وکۆمەلگەبۆچوونی وایە'' ئاین پەیوەندی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگە و ڕیکخراوەکانی دەستنیشان دەکات و لەبەر ڕۆشنایی ئەوەدا هەموو چالاکیەکی مرۆیی دەستنیشان دەکرێت لەوانە هەستی تاکەکان و ئاکار و پەرستن و مەراسیمە ئاینیەکانیان و داب ونەریتیان لەمە دەردەکەوێت کە پرۆگرامی ژیانی هەموو کۆمەڵگەیەک ئاینەکەیەتی چونکە لە دیدێکی بیروباوەڕی سەر هەڵداوە و کاریگەرە پێی'' (الخريجي ، ١٤١٠هـ ، ٣٦). لەم وتەیەی (عبدالله الخريجي ) دا ئاینی بەتەوەری ڕێکخستنی پەیوەندی تاکەکان و هەڵسوکەوتیان دادەنرێت ''گومان لەوەدانییە کە ئاین دیاردەو بابەتێکی کۆمەڵایەتیە تا ژیان و کۆمەڵ بمێنن ئاینیش دەمێنێ نەک لەبەر ئەوەی ئایین مانەوەو بەردەوامی و یەک پارچەیی و یەکگرتویی کۆمەڵ دابین ، دەستەبەر دەکا ، بەڵکو لەبەر ئەوەی بوونی مرۆڤ بە گشتی و ژیانی مرۆڤ بەتایبەتی وەک بونەوەر و زیندەوەرێک دەستەبەری ئەم بوونەی ئاینی دەبێ''(عەزیز ، ٢٠٠٩ ، ٢١٩) .ئەم قسەیە مانای وایە مانەوەی کۆمەڵگە بەندە بە ئاینەوە (ماكس فيبر) ئاین بە چالاکییەکی کۆمەڵایەتی دەچوێنێت''ئایین شێوەیەکە لە شێوەکانی چالاکی کۆمەڵایەتی و جارێکی تر جەخت دەکاتە سەر پەیوەندی متمانەپێکراو لەنێوان شێوەی ژیانی و ڕەوشتی ژیان و بەبێ بۆچوونی ئەو ئاینەکان هاندانی کارەکەی بۆ چالاکی بەجێدەهێنێت''(فلوري ، 2005 ، 70).واتا ئایین هاندەر وپاڵنەری سەرەکیە بۆ چالاکی مرۆڤایەتی''ئەوەی دەهێڵێت کۆمەڵ یەک بێت ئاین و بیروباوەڕە و شەریعەتی خودایە کە دڵەکان یەک دەخات و ئاینی ئیسلامی بانگەشە بۆ هاوکاری کۆمەڵایەتی و خۆشەویستی و برایەتی لەبەر

خودا دەکات ئیسلام هاتووە وەک ئاینێک بۆ هەموو مرۆڤ و گۆڕینی کۆمەڵگە خێڵەکیەکان بۆ کۆمەڵگەیەکی موسڵمانی خاوەن سیفەتی خودایی''(الحسيني ، ١٤٢٤ -١٤٢٥ ، ٥٨).لەم وتەیەی سەرەوە دەردەکەوێت کە ئاین ڕۆڵی هەیە لە نەهێشتنی دیاردەی خێڵەکی کە هەندێ جار ڕۆڵی خراپی هەیە بۆ کۆمەڵگە و ژیانی تاکەکان هەروەها ئاینێک وەکو ئیسلام بانگەشە بۆ هاوکاری دەکات لەنێوان مرۆڤەکانی کۆمەڵگە بۆ چاکردنی بژێوی ژیانیان''ئاین کار دەکات لەسەر پیرۆز ڕاگرتنی سیستەمی پرەنسیب و پێوەرەکانی ئەو کۆمەڵگەیەی کە هەیە و بەو شێوەش ئامانجەکانی کۆمەڵگە گرەنتی دەکات ئارەزوە تەسکە تاکیەکانی تێدەپەڕێنیت لە ڕوانگەی وەزیفیەوە ئاین تاک دەبەستێت بە کۆمەڵەوە یارمەتی مەعنەوی بۆی پێشکەش دەکات لەکاتی ونبوندا و خۆشی لەکاتی نائومێدی دا وەکو'' میکانیزمێکی بۆ ڕێکخستن و کۆنترۆڵکردن و چاودێریکردنە لەهەمان کاتدا کاردەکات''(الهرماسي واخرون ، ١٩٩٠ ، 18-19).

(دورگایم) پێی وایە''ئەرکی ئاین بریتیە لە بەستنی تاکەکان بە کۆمەڵگەکەیان لەرێگەی گەیشتن واتە تێگەیشتنی واقیع و پەیوەندیە کۆمەلایەتیەکان و پەیوەندی بە واتای پەیوەندی تاکەکان لەگەڵ یەکتردا لەسەر بنەمای چەمکە هاوبەشەکان و دەستنیشان کردن واتە ڕێکخستنی بیرۆکەکان و پەیوەندیە کۆمەلایەتیەکان لەرێگەی ئەم شتانە تاکەکان ئاین قبوڵ دەکەن وەک ئەوەی شتێکی پابەندو ڕەها'' (الجحيشي ، ٢٠١٤، ١٧٢).

ئالێرەدا دەتوانین بڵێین ئاین لەکۆمەڵگەدا سەرهەڵدەدات و بوونی خۆی دەپارێزێت ئەمەش لەمیانەی پەیڕەوکەرانیەوە کە ئەو ئاینە پەیڕەودەکەن لە ژیانیاندا ئاین فاکتەرێکی سەرەکیە و ڕۆڵی بەهێزی بەرچاوی لە ڕێکخستنی پەیوەندیە کۆمەلایەتیەکان و پارێزگاریکردن لە ئاکارو سیفەتەباشەکان لە کۆمەڵگەدا چونکە هەموو ئاینەکان بانگەشە بۆ چاککردنی هەڵسوکەوت دەکەن ئایین لە کۆمەڵگەدا ڕۆڵی هەیە لە ڕاگرتنی هاوسەنگی کۆمەلایەتی و ئابووری هەروەها ڕۆڵی هەیە لە بنیاتنانی کۆمەلایەتی تاك و ڕێنیشاندەری تاکە بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی و گەڕان بەدوای کردەوەی چاك و بەدەستهێنانی ئاستی ڕۆشنبیری بەرز لەهەموو بوارەکاندا ئەمەش لەخۆیدا دەبێتەمایەی ئەوەی کۆمەڵگەیەکی ئارام و هاوسەنگ و پێشکەوتوو بنیات بنرێت چونکە کاتێك تاك وەك ئەندام بنیاتنەری کۆمەڵگەدا هەڵگری ئەم سیفەتە بەرزو باشانە بێت بێگومان کۆمەڵگەیەکی نمونەیی سەرهەڵدەدات .

**چوارەم: ڕەهەندی مارکسی :-**

(کارل مارکس ) زاناو فەیلەسوفی گەورەی ئابوری و کۆمەڵناس ناوی (مارکسیەت) لە ناوی ئەوەوە هاتووە خاوەن تیۆرێکی تایبەت بە خۆیەتی کە بنەماکەی بە پلەی یەکەم دەربارەی بارودۆخی ئابوری کۆمەڵگەیە و بەتایبەت جیاوازی چینایەتی و مافی کرێکار بۆیە چەند کتێب و وتەیەکی دەربارەی ئەم بابەتانە نوسیوە

بەناوبانگترین بەرهەمی کتێبی (سەرمایە ) یە مارکس دەربارەی کۆمەڵگە بڕیاری چەند پرەنسیپیکی بنەرەتی داوە :_

١-''کۆمەڵگە : بریتیە لە کۆمەڵە کۆمەڵایەتیەکان و چالاکیە ئابوریە هۆشیاری و ئامانجدارەکان.

٢-بارودۆخی کۆمەڵەکان جیاوازە بە گوێرەی پێگەی لە سیستەمی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی.

٣-کۆمەڵگەکان جیاوازن لە پلەی گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی.

٤-دوو جۆر یاسا هەیە حوکمی دیاردەکانی گەردوون دەکات:_

یاسا گشتیەکان و یاسا تایبەتییەکان .

٥-پێی وایە گەشەسەندن لە کۆمەڵگە ئەنجامی کاریگەری بەردەوامە لە نێوان مرۆڤ وسروشت.

٦-لە مەرجەکانی دروست بوونی ژیانی کۆمەڵایەتی پێشکەوتوو کاری مادییە لەگەڵ مەرجی بوونی پەیوەندیە مرۆڤایەتیەکان .

٧-ئەم پەیوەندیانە پشت دەبەستێت بە ئەوەی کە دەوترێت ئامێرەکانی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی واتە بابەتەکانی کارکردن و ئامرازەکانی بەرهەمهێنان''(الغریب ، ٢١٨-٢١٩ ).

بۆچوونی مارکس بۆ کۆمەڵگە'' شیکردنەوەی مادی پەیرەو دەکات کە کورت دەبێتەوە لەوەی بارودۆخە ئابوریەکانی کۆمەڵگە بناغەیەکە کە کاریگەری دەکات لەهەموو بارودۆخ و سیستەمە کۆمەڵایەتی و فیکریەکانی تر'' (القرش،2012 ، 175).

تیۆری مارکس دەربارەی سەرهەڵدانی کۆمەڵگە''پشت بە فیکرەی زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان دەبەستێت کە زیادبوونی خواستی زەوی و زاری لێ دەکەوێتەوە و دەشبێتە هۆی سەرهەڵدانی کێبرکێ لەنێوان تاکەکان و گروپەکاندا بۆ دەستگرتن بەسەر زەوی و زارو وەبەرهێنانیدا''(ئەلحەسەن، ٢٠٠٥ ، ٣٠).

لەم دیدەیدا باری ئابوری بە بڕبڕەی پشتی کۆمەڵگە داناوە بەدەر لە هۆکارەکانی تر.مارکس پێی وایە هەموو ئەوەی ڕوودەدات لەناو کۆمەڵگە لە دیاردە و سیستەمەکان دەگەڕێتەوە بۆ هۆکارە ئابووریەکان''چونکە هێزە ئابووریەکان بناغەی ڕووداو وپێشکەوتنە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئاکارییەکانن'' (الحسن ، 2015 ، 151-152).

جیاوازی چینایەتی بەردی بناغەی تیۆرەکەی بووە مارکس''مێژووی تەواوی کۆمەڵگەکان بەمێژووی شەڕو ملمانێی چینەکان دەزانێت کەلەسەردەمی کۆیلایەتی پیاوە ئازادەکان و کۆیلەکان و لەسەردەمی فیوداڵی خاوەن زەویەکان و وەرزێرانی بەستراوە بەزەوی و لەسەردەمی پیشەسازی خاوەن پیشەسازیەکان و پرۆلیتاریا (کرێکارانی شاری ) لەبەرانبەر و ڕووبەڕووی یەکتر ڕاگرتووە'' (وسوقی و خولق ،252).

تیۆریەکەی خاڵی وەرچەرخانی دیار بوو لە لێکۆڵینەوەی و شیکردنەوەی کۆمەڵگە و وردەکاریەکانی بایەخی زیاتر بە مەسەلەی چینایەتی دەدا کە پێشتر باس نەکرابوو لەلایەن نوسەران و شارەزایان.

کۆمەڵگە لە دیدی(مارکس) دا دوو ژێر خانی هەیە هەریەکەو تایبەتە بە لایەنێک و تەواوکەری یەکترن بریتین لە ژێرخانی سەرەوە وژێرخانی ژێرەوە .''پرۆژەی مارکس تێگەیشتن بوو لە داینامیکی خەباتی چینایەتی زیاتر لە دوپاتکردنەوەی بوونی چینەکان یان وەسفکردنی بارودۆخیان وەك چۆن سەرەتا چینەکان بەپێگەی خۆیان لەپەیوەندیەکان دەناسێتەوە سەبارەت بە پرۆلیتاریا ئەوانەن کە دەسەڵاتی کرێکاری خۆیان دەفرۆشن''(کابان و دورتیە ، 39).

واتە مارکس زیاتر گرنگی بە ململانێی چینایەتی دەدات کە دیاردەیەکی کۆنەو تا ئەمرۆش بەدی دەکرێت لەنێوان پێکهاتەکانی کۆمەڵگەکان چینی بۆرژوازی مەبەستی چینی بەرزی کۆمەڵایەتیە  لەرووی پیشەوخاوەنداریەوە و پرۆلیتالیا چینی هەژار و بێ دەسەڵاتەکەیە''چینی یەکەمیان سەرمایەدارانە چینی دووەمی کرێکاران دەچەوسێنێتەوە چونکە بەپێی سیستەمی کۆمەڵایەتی و ئابوریی نادیار بەشێکی ڕەنجی هەموو کرێکارێک دەدزێ و گیرفانی خۆی پێ پڕ دەکات کەواتە موڵکداری و چینایەتی دوو ڕەگەزی دەردەداری کۆمەڵن لە ڕوانگەی ماکسیزمەوە'' (محەمەد ، ٢٠٠١ ، ١٤).(مارکس) لەم وتەیەدا بانگەواز بۆ نەهێشتنی جیاوازی چینایەتی و موڵکدارێتی دەکات داوای یەکسانی دەکات لەنێوان چینەکان و بەتایبەت جەخت کردنە لەسەر مافی کرێکار کە چینی زەحمەتکێشی کۆمەڵگەن .خاوەن موڵک و سەرمایەکان هەردەم کرێکاران دەچەوسێننەوە کە ئەمەش لە خودی خۆیدا ڕێگا خۆشکەرە بۆ دروست بونی کێشەو ئاڵۆزی و لەهەندێ حاڵەتدا دەبێتە هۆی دروست بونی ئیرەیی لەنێوان تاکەکان ئەم جیاوازیەش لە زۆر وڵاتدا و کۆمەڵگە بۆتە هۆی دروست بونی شەڕو گۆڕینی دەسەڵات.'' ئەو چینەی کەئەم شۆرشە کۆمەڵایەتیە لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا ئەنجام دەدات چینی پرۆلیتاریایە وەك تاکە چینە کە دەسەڵات بە دەست دەگرێت نەك بۆ ئەوەی دەست بە سەر چینێکی تردا بگرێت بەڵکو بۆ ڕزگارکردنی مرۆڤایەتی لەهەمودەست بەسەرداگرتنێک بۆیە نوێنەرایەتی جۆرێك لە ڕزگاریی مرۆیی دەکات کاتێك پرۆلیتاریا دەست بەسەر دەسەڵات دەگرێت  چینە کۆمەڵایەتیەکان نامێنێت و دواتر دەوڵەت کۆتایی پێدێت چونکە ڕۆڵی کزدەبێتەوە ئەوە شێوازی بەرهەمهێنانی کۆمۆنیستیە بەڵام پێش ئەم قۆناغە قۆناغێکی دیکە دێتە پێشەوە کە مارکس بە(دیکتاتۆریەتی)ناوی دەبات پرۆلیتاریا یان سۆسیالیزم کە خۆی بۆ کۆمۆنیزم ئامادەدەکات "(مجموعة المؤلفين ، 2014 ، 55).

لەکۆتایدا دەتوانین بڵێین مارکس کۆمەڵگەی بەبناغەی کارو ڕاوبۆچونەکانی داناوە و بۆتە تەوەری تیۆرەکەی کەئەمە لەخۆیدا هەنگاوێکی گرنگ و کاریگەربوو لە لێکۆڵینەوە لەکۆمەڵگەدا و پێکهاتە و

بارودۆخە ئابوریەکەی کە پێشتر کەس ئاماژەی پێنەدابوو هەنگاوەکەی مارکس ڕێنیشاندەر وەچەرخانێك بوو بۆ تێگەیشتنی لەبارودۆخی کۆمەڵگە بەڕوونی ئاماژە بۆ چینەکان و ململانێی نێوانیاندا کردووە بانگەشە بۆ مافی کرێکاران دەکات هەموو ئەمانە لەکۆمەڵگەدا لەدێرزەمانەوە تا ئێستا بونی هەیە و بەدی دەکرێت بەڵام مارکس لەجیاوازی چینایەتیدا تەنها لایەنی مادیەکەی کۆڵیوەتەوە بێ ئاماژە بۆ لایەنەکانی تری جیاوازییەکە تیۆرەکەی مارکس جەماوەری لەدەوروبەری خۆی کۆکردۆتەوە و بووە هۆی بەرپابوونی شۆڕش لەهەندێ وڵاتدا ئەمەش نیشانەی کاریگەری بۆچوونەکانیەتی لەسەر تاك لە کۆمەڵگەدا .

**پێنجەم :ڕەهەندی لۆجیکی:-**

لۆجیک زانستێکی دێرینە سەرەتا لە یۆنانی کۆن سەری هەڵداوە و فەیلەسووفی یۆنانی (ئەرستۆ ، 384 - 322 پ.ز) یەکەم کەس بووە کە دەربارەی ئەم بابەتە قسەی کردووە و ڕاو بۆچونی دەربڕیوە ئەم زانستە لە زۆر بابەت و لایەنی کۆڵیوەتەوە کۆمەڵگەش بێبەش نەبووە لەم بوارەدا و هەریەکە و بەشێوەیەکی جیاواز ڕاوبۆچون و بیرۆکەی خۆی دەربارەی کۆمەڵگەدەربڕیوە لۆجیک بریتیە لە هێنانەوەی بیانوو بەڵگەی عەقڵانی بۆ هەربابەتێک .

لۆجیکی ئەرستۆ بەگوێرەی ڕاوبۆچونی توێژەران'' لەئامرازێکی'' کۆمەڵگەیی'' دەچوو نەک ئامرازی "زانستی" بە گوزارشتێکی تر دەکرێ ببێتە ئامرازێک بۆ هێرش و بەرگری کردن بەدەستی کۆمەڵەکان و لایەنە ناکۆکەکان یان شێوە پرەنسیپە بەرهەڵستکارەکان .ئامانجی دۆزینەوەنییە بەڵکو سەلماندنە لەسەر شتێک یان ڕەتکردنەوەی و ئەمە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە لۆژیکی ئەرستۆیی سەری هەڵداوە و بەستەیە بە ڕۆحی چەقی بیروباوەری بۆ کۆمەڵگەی ئاینی''(الوردي ، ٢٠١٨ ، ١٠٨).

بەڕای فەیلەسووفی یۆنانی (ئەرستۆ)'' دەوڵەت بەرزترین قۆناغی وەچەرخانی کۆمەڵگەیەو لەم ڕەوتی وەچەرخان وگۆڕانەدا خێزان دەگرێتەوە لەسەر بنەمای دوو پەیوەندی گرنگ دامەزراوە .پەیوەندی ژن ومێرد ،پەیوەندی خودان و کۆیلە ئەم پێیوایە ئەم دوو جۆرە پەیوەندییە زۆر سروشتین و یەکێکن لەبنەما سەرەتاییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی بە کۆبونەوەی چەند خێزانێك گوند دروست دەبێت و چەند گوندێکیش دەوڵەت پێك دێنن .'' (موحسنی ، 85 -86 ).

واتە (ئەرستۆ ) بوونی کۆمەڵگەی پێگەیشتوو و خاوەن پرەنسیب بەدەوڵەت پەیوەست کردووە بۆ بەڕێکردنی کاروباری کۆمەڵگەدا.هەروەها بوونی کۆیلایەتی بە شتێکی ئاسایی دەبینین''ئەرستۆ گرنگی بە کۆیلایەتی و پەیوەندی خودان و کۆیلە دەدات لە یۆنانی کۆندا کۆیلایەتیان بە واقعێکی لۆجیکی ودروست لەقەڵەم دەدا بۆچوونی خەڵك ئەوەبوو کە کۆیلەکان دەبێ لە چینەکانی خوارەوە بن چونکە هەندێ خەڵك هەر

بەژێر دەستەیی خەڵقکراون و هەندێکی تر بەحاکم و بەڕێوەبەر هەروەها ئەرستۆ دەڵێ کۆیلەکان دەبێ لەنەژادە نزمەکان و لەنێو خەڵکی نایۆنانیدا هەڵدەبژێردرێن'' (موحسنی ، 87).

پێی وایە کۆیلەکان''خەڵکی بێ ئیرادەن وەکو ئامرازی کار حسابیان بۆ دەکرێ کە خودانەکەیان دەتوانین ناچاریان بکات بۆ ئەنجامدانی هەر کارێك کە دەیەوێت''(هەمان سەرچاوەی پێشوو ، 87).
کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی قۆناغی جۆراوجۆری بڕیوەو بینیوە هەروەها جیاوازیش لەهەر کۆمەڵگەیەک هەبووە و هەیە جیاوازی چینیش هەندێ جار لەبەر بوونی جیاوازی ماددی یان کۆمەڵایەتی یان زانستی ...هتد دروست دەبێت و ڕوویداوە کە چینێک چینێکی تری چەوساندوەتەوە.'' کۆمەڵگەی کۆیلەداری بە یەکەمین کۆمەڵگە دادەنرێت کە لەسەر ئیستیغلال کردن دامەزراوە لە مێژووی مرۆڤایەتی ، دابەشبوو بۆ چینی کۆیلەدارەکان و چینی کۆیلەی پایەبەرز لەنێوانیاندا ڕکابەری توند ڕوویداوە و لەلایەکی تر چینی یەکەم خودی خۆی نموونەیی بوو بەچینی جۆراوجۆر لەنێوان ئاغاکان و خەڵکی ئاسایی ، لەنێوان هەژارەکان و دەوڵەمەندەکان .'' (ماکوفلسكي ، ١٩٨٧ ، ٥٠).
سەرەتای کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بە لادێ دەستی پێکردوە و دواتر لە ئەنجامی گۆڕانکاری و پێشکەوتنی مرۆڤایەتی لە هەموو لایەکەوە شێوەیەکی تری ژیان و کۆمەڵگە سەری هەڵدا کە کۆمەڵگەی شارستانیەتی بوو کە پێچەوانەیە لەگەڵ کۆمەڵگەی دەوارنشین و هەندێ جار ململانێی و ناکۆکی بەدی دەکرێت . نێوانیان تا ئەم سەردەمەش فەیلەسوفی عەرەبی (ئیبن خەلدون ) دەڵێت :- ''کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بە خولی یەک لە دوای یەک دەڕوات لە ئاکامی ململانێ لەنێوان دەوارنشینەکان و شارستانیەکان و لەبەر ئەوەی کۆمەڵگە دابەش بووە بەسەر دوو گروپەوە کە دەوار نشینەکان و شاریەکانە لەبەرئەوەی هەریەک لەم دوو گروپە خاوەن سیفاتی پێچەوانەی سیفاتی گروپی دووەمن دەبێ ململانێ دروست بێت لەنێوانیان بەشێوەیەک لە شێوەکان دەوارنشینەکان ناتوانن سەیر بکەن شاریەکان لە نیعمەتی شاردابن بەڵام خۆیان لە بیابانە وشکەکانیان نیشتەجێن جەنگاوەری بەهێزن شاریەکان خۆش بژین ترسنۆکن دەبێ ئەو ڕۆژە بێت کە دەوار نشینەکان ئازا هێرش بکەنە سەر ئەو شاریانەی خۆش دەژین تاڵانیان بکەن یان زاڵ بن بەسەریاندا و دەوڵەت و خێزانانی دەسەڵاتدار دابمەزرێنن'' (الوردي ، ١٩٩٤ ، ٧٨).
بەڵام (ئیبن خلدون ) پێی وایە کە'' دەوڵەت بوونی نییە بەبێ دەسەڵاتێکی سیاسی و دەسەڵاتی سیاسی بوونی نییە بەبێ دەوڵەت و لەئەنجامدا پێی وایە دەوڵەت و سیاسەت دوو ڕووی یەك دراون و بناغەی دەوڵەت کۆمەڵگەیە'' (الغامدي ،٢٠١٦).
واتە دەسەڵاتی سیاسی بوونی نابێت بەبێ کۆمەڵگە واتە کۆمەڵگە ئامادەکاری وەزەمینەسازی دەکات بۆ سەرهەڵدانی دەوڵەت .وەهەر دەوڵەتێك پێویستی بەوەیە بەرگری لەخۆی بکات و قەوارەی خۆی بپارێزێت

لەهەر مەترسی و هەڕەشەیەك ئەمەش پێویستی بەچەند ئامرازێکە (ئیبن خەلدون) پشت بەستن بە خێڵایەتی بە باشترین ئامراز و چارەسەردەزانێت .

"خێڵایەتی بناغەی بنەرەتیە بۆ هەر چالاکیەکی سیاسی یان کۆمەڵایەتی وڵات بۆ ئەوەی بوونی خۆی بپارێزێت پێویستی بە ئامرازێکە تاکەکان کۆبکاتەوە لەژێر ئاڵاکەی هانیان بدات بۆ قوربانیدان لەپێناوی خۆیدا و خێڵایەتی هەڵدەستێ بەم ڕۆڵە پشت بەستن بەوەی مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتیە بەشێوازی پێویستی بە قەوارەیەکە بۆی بگەڕێتەوە پێداویستیەکانی بەردەستبکات کە ناتوانێت بەتاك بەدەستبهێنرێت'' (الجميل ، ٢٠١١). ئەم بۆچوونەی (ئیبن خەلدون) ڕەنگە لەبەرئەوە بێت کەکەسی خێڵەکی خاوەن چەند سیفەت و ئەدگارێکە ئامادەی دەکات بۆ بەجێهێنانی ئەو ئەرکەی کە حکومەت بیەوێت چونکە کۆمەڵگەی خێڵەکی ژینگەیەکی لەبارە بۆ شەڕوگیان بەخشین بەبێ دوودڵی چونکە سیستەمی پەروەردەکردنی تاکی لە سیستەمی خێڵەکی جیاوازە لە سیستەمی شارستانیەتی و شەڕ نیشانەی ئازادییە بۆ تاك لای ئەوان .

زانای گەورەی کۆمەڵناسی و فەیلەسووفی فەرەنسی (ئۆگست کۆنت (1798 – 1857 ز) لە شیکردنەوە ئیستاتیکەکەیدا بۆ کۆمەڵگە سێ پێکهاتەی داناوە کە بریتیە لە :-

1- ''تاك :- تاك بەتوخمێکی کۆمەڵایەتی نازانرێت و دەسەڵاتە سروشتیەکەی هیچ بەهایەکی نییە چونکە هێزە کۆمەڵایەتیەکەی لەهەماهەنگی تاکەکان و بەشداریکردنیان لەکاردا و دابەشکردنی کار لەلایەن گەلەکەیانەوە سەرچاوە دەگرێت .

2-خێزان : یەکەم خانەیە لە جەستەی پێکهاتەی بە کۆمەڵدا و سادەترین میدیایە کە تێیدا دەرکەوتەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی بەدی دێت .

3-کۆمەڵگە : یەکەیەکی زیندوو ئاڵۆز و ئاڵۆزە گرنگترینیان هاوکاری و یەکدەنگیە بۆیە سروشتێکی ئەخلاقێتی و دەرونی وکارایی هەیە کەوابەستەی ئەو دواتر و دەرئەنجامە هاودەنگی کۆمەڵایەتی بنەمایەکە کە ناتوانرێت بەتەواوی بەدەست بهێنرێت'' (الغريب ، 88-89).

لەم پێکهاتەیە کە (ئۆگست کۆنت ) دایناوە زیاتر جەختی لەسەر خێزان کردۆتەوە لە پێکهاتەی کۆمەڵگە و بەبەردی بناغەی دروست بونی کۆمەڵگە دایناون بەم پێیە بێت بەبێ تاک بە پلەی یەکەم و خێزان بە پلەی دووەم کۆمەڵگە دروست نابێت کەچی زانای کۆمەڵناسی (جومبلوتز) دەڵێت ''دەوڵەت :'' دروستبووە لەئەنجامی ململانێی نێوان کۆمەڵە مرۆڤایەتیە جۆراوجۆرەکان و زاڵبوونی یەکێکیان بەسەر ئەوی تردا'' (الوردي، ٢٠١٨، ٢٤٩). لەم بۆچوونەدا پێچەوانەی بۆچونەکانی تر کە وای دەبینن ململانێ دەبێتە هۆی لەناوچوونی دەوڵەت ئەم پێی وایە دەبێتە هۆی دروستبوونی دەوڵەت .

پەیوەندی کۆمەڵایەتی لە ژیانی کۆمەڵگەو پەیوەندی لە ئەنجامی بوونی هەڵسوکەوتی چاک و هاوشێوەی یەکدی دروست دەبێت''مرۆڤ بە سروشتی بونەوەرێکی کۆمەڵایەتیە و پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان پەیوەندیەکە لەنێوان عەقڵەکان بۆ ئەوەی ئەم پەیوەندیانە بوونی هەبێت ئەبێ ڕێکەوتنێک هەبێت لەسەر بارودۆخە تایبەتەکان و پرەنسیبە تایبەتەکان پێویستە لەسەر هەموان بۆ ئەوەی کۆمەڵایەتی بژیت بە هەندوەربگرێت و ڕەوشتی لەسەر ئەو بنەمایە ڕێکبخات''(بدوي ، ١٩٧٧، ٢٩).

لەمیانەی ئەو ڕاوبۆچون و دیدانەی دەربارەی لۆجیکی کۆمەڵگەدا خستمانەڕوو دەتوانین بڵێین خێزان بەردی بناغەی کۆمەڵگەیە چونکە کۆمەڵگە بۆ ئەوەی دروست بێت و بەردەوام بێت پێویستی بەچەند ڕەگەزێکە چ مرۆیی بێت یان ماددی ئەمەش لە خێزانەوە سەرهەڵدەدات بەوەچەخستنەوە کەدەبنە هێزی مرۆیی و ئابووری کاروباری کۆمەڵگە بەجێ دەهێنن و سامانی دەپارێزن و پارێزەری لە وڵات دەکەن لەهەر مەترسی و هێرشێك مرۆڤ بەسروشتی خۆی پێویستی بەکەسانی ترە بۆ ئەوەی بژیت ئەمەش لە کۆمەڵگەدا نەبێت . بەدی نایەت بەئاسانی واتە تەوەری بڕبڕەی پشتی کۆمەڵگە مرۆڤە کەبناغەکەی خێزانە .

**ئەنجامەکان:**

1. لەتیۆری کۆمەڵایەتیدا کۆمەڵگە پاڵنەری یەکەم و سەرەکییە بۆ لەدایکبوونی بەرهەمە ئەدەبیەکان.
2. تیۆری کۆمەڵایەتی لە دایک بوونی بەرهەمی ئەدەبی کرێدەدات بە هۆکارەکۆمەڵایەتییەکان بێ گوێدان بە فاکتەرەکانی تروەکو توانا وبەهرەی ئەدیب.
3. تیۆری کۆمەڵایەتی بوو بە تیۆرێکی تەواو و خاوەن سیفەتە تیۆریەکانی کاتێك (مارکس) باسی کرد بەشێوەیەکی زانستی ورد .
4. خێزان بنەمای دروستبونی کۆمەڵگەیە.
5. ئایین ڕۆڵی کاریگەری و بەرچاوی هەیە لە پارێزگاری کردن لە پرەنسیپە ئاکاری و مرۆڤایەتیەکان لە کۆمەڵگەدا.
6. فاکتەری ئابووری فاکتەری سەرەکیە بۆ ئارامی و ئاسایش و بەرقەراربوونی کۆمەڵگە.
7. ڕەهەندەکانی فەلسەفی وئابوری وئاینی ومارکسی ولۆژیک بناغەوانەری تیۆرە کۆمەڵایەتیەکانن .

## سەرچاوەکان

### سەرچاوە کوردیەکان

1. خەلیل ، ئیبراهیم 2017 ، محەمەد تاتانی ، ڕەخنەی ئەدەبی نوێ ، کەرکوك ،بڵاوکراوەکانی ڕۆشنبیری هونەری دیالۆگ.
2. دامەزراوەی میهەن ، 2006 ، کۆسار فەتاحی ، چاپی یەکەم ، کۆمەڵگای مەدەنی : هێزێکی نوێ ، هەولێر ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە .
3. ساڵح ، ئاوارە ، 2012 ، ڕەخنەی کۆمەڵایەتی و پراکتیزەکردنی لە شیعرەکانی گۆراندا ، هەولێر ، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی .
4. عەزیز ، حمید ، فەلسەفەی هزری کۆمەڵایەتی لەنێوان بابەتی ئاکارو سیاسەتدا ، 2007/7/5 ، ژ.(122)94-95 گۆڤاری ڕامان.
5. عەزیز ، حەمید ، 2009 ، بنەرەتەکانی فەلسەفەی کۆمەڵایەتی ، دەزگای موکریان و کۆمەڵەی کۆمەڵناسان .
6. عەزیز ، حەمید ، هزری کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەی سیستەمێکی سەرتاپاگیریدا 2006/7/5 ، ژ(110) ، 134 ، گۆڤاری ڕامان.
7. قەطوس ، بەسام ، 2011 ، و.محەمەد تاتانی و هیشار زەکی ، دەروازەیەك بۆ میتۆدەکانی رەخنەی هاوچەرخ ،خانەی وەرگێران.
8. محەمەد ، سەماح ، 2001 ، تاریق کارێزی ، چاپی یەکەم ، ڕێبازە هاوچەرخەکانی فەلسەفە ، هەولێر ، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی .
9. مستەفا ، ئاسۆ ، 2019 ، ڕێچکەکانی گوتاری ڕەخنەی شیعری لە ئەدەبی کوردیدا (کرمانجی خواروو 1920_1970) نامەی دکتۆرا ، زانکۆی سلێمانی ، کۆلێژی زمان.
10. موحسنی ، مەنوچێهەر ، 2005 ، و.موسلیح ئیروانی ، چاپی یەکەم ، کۆمەڵناسی گشتی ، هەولێر ، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی.
11. مەعروف ، کەمال ، 2012 ، تیۆرە نوییەکانی ڕەخنەی ئەدەبی ، سلێمانی ، بەرێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی .
12. هالبیرگ ، پیتەر ، 2018 ، و.ئەنوەر قادر محەمەد ، تیۆری ئەدەبی و شێوازناسی ، چاپی سێیەم ،سلێمانی ، چاپخانەی ئەندێشە.
13. وسوقی ، مەنسور ، خەلق ، عەلی ئەکبەر ، 2013 ،و. سیروان محەمەد حاجی ، چاپی یەکەم ، بنەماکانی کۆمەڵناسی ، هەولێر ، چاپخانەی موکریانی .

14. ئەسوەد ، نەوزاد ، 2011 ، فەرهەنگی زاراوە ئەدەبی و ڕەخنەییەکان ، سلێمانی ، چاپی یەکەم ، بڵاوکراوەی غەزەلنووس.

15. ئەلحەسەن ،ئیحسان،٢٠٠٥،سۆسیۆلۆژیا لای مارکس وماکس ڤیبەر ،و.دانامەلاحەسەن ،سلێمانی ،دەزگای چاپ وپەخشی سەردە

**سەرچاوە عەرەبیەکان**

1. .بدوي،عبدالرحمن،١٩٧٧ ،المنطق الصوري والرياضي،الطبعة الرابعة،الكويت،وكالة المطبوعات
2. الحسن، احسان ، 2015 ، النظريات الاجتماعية المتقدمة دراسه تحليلية في النظريات الاجتماعية المعاصرة ، الطبعة الثالثة ، عمان ، دار وائل للنشر والتوزيع .
3. امزيان ،محمد ، ١٩٩١ ، منهج البحث الإجتماعي بين الوضعية ، طبعة الأولى ، فيرجينيا ، معهد العالمي للفكر الإسلامي.
4. إنكلز،اليكس،1983،مقدمة في علم الإجتماع،ت.محمدالجوهري ،علياء الشكري ،محمدالحسيني،محمدعلي محمد،طبعة السادسة،القاهرة دارالمعارف.
5. أنور،أحمد،2015،النظرية الإجتماعية والايدولوجيا،مجلد (21)،عدد (3)،(٥٨)مجلة كلية التربية –القسم الادبي جامعة عين الشمس –كلية التربية .
6. بارش ، زهيرة ، 2016 -2017 محاضرات في النقد الأدبي الحديث وقضاياة جامعة عين دباغين ، سطيف ، كلية الأداب واللغات قسم اللغة والأدب العربي ، مرحلة الثانية.
7. بركات ، مسلم ، 2002 ، المجتمع العربي في القرن العشرين بحث قي تغير الأحوال والعلاقات طبعة الأولى ، بيروت ، مركز دراسات الوحدة العربية.
8. بيومي،محمد،2020،النظرية الاجتماعية بين الرؤى التقليدية والتفاعلات الحضارية المعاصرة :نحو نموذج نظري جديد، عدد(25)،(60)،المجلة العربية لعلم الإجتماع.
9. الجحيشي،بشير،2014،دراسات في علم الإجتماع،بغداد،دارالنيبورللطباعةوالنشروالتوزيع.
10. حسين ، جمال ، 1985 ، دراسات الإجتماعية ، الاسكندرية ، دار المعرفة الجامعية.
11. الحسيني ، العفاف ، 1424 – 1425 دور الأسرة التربوي في إستتباب أمن الفرد و المجتمعمن خلال التنشئه الإجتماعية والضبط الإجتماعي ، رسالة دكتوراه ، جامعة أم قرى ، السعودية.
12. الخريجي ، عبدالله ، ١٩٩٠ ، علم الإجتماع الديني، الجده ، توزيع رامتان.
13. خليل ، خليل ، 1984 ، المفاهيم الأساسية في علم الإجتماع ، بيروت ، دار الحداثه للطباعه والنشر.

14.الخواجة ، محمد و عبدالمجيد ، محمد ، 2013 ، قراءات معاصرة في علم الإجتماع الإقتصادي ، طبعة الأولى ، مصر ، طنطا ، دار ومكتبة الإسراء لطباعة ونشر وتوزيع الكتب ، ط1.

15.دوركايم،إميل،1966،ت.حسن انيس،علم الإجتماع والفلسفة ،الطبعة الأولى القاهرة،مكتبة إنجلومصري.

16.بوملحم،علي،1988،المناحي الفلسفية عندالجاحظ،بيروت،دارالطباعة للنشر.

17.زكريا خضر والصيني ، جهينه والغانم ، كلثم 2001 ، موجز تأريخ الفكر الإجتماعي ، الطبعة الأولى ، القاهرة ، الأهالي للطباعة والنشر والتوزيع .

18.الغريب ، عبدالعزيز ، 2012 ، نظريه علم الإجتماع تصنيفاتها ، اتجاهاتها وبعض نماذج التطبيقية من النظرية الوضعية الي مابعد الحداثة ، الرياض ، دار الزهراء .

19.فلوري ، لوران ، ٢٠٠٨ ، ت.محمد علي مقلد ، طبعه الأولى ، ماكس فيبر ، بيروت ، دار الكتاب الجديد.

20.القرش ، محمد ، 2012 ، العدالة والحرية بين المفهوم الإسلامي والمفهوم الغربي ، طبعة الأولى ، القاهرة

21.قصاب ، وليد ، 2009 ، مناهج النقد الأدبي الحديث ، طبعة الثانية ، دمشق ، دار الفكر.

22.كابان ، فيليب و جان، دورتيه ، ٢٠١٠ ، ت.إلياس حسن ، طبعة الأولى ، علم الإجتماع من النظريات الكبرى ، إلى شؤون اليوميه اعلام وتواريخ ، سوريا ، دمشق ، دار الفرقد.

23.ماكوفلسكي، الكسندر،1987،ت.محمد علاء الدين وفتحي إبراهيم،الطبعة الأولى،تاريخ علم المنطق،بيروت دار الفارابي.

24.مجموعه المؤلفين ، ٢٠١٤ ، الماركسيه الغربيه ومابعده ، بغداد ، ط ٢ ، دار ومكتبه عدنان.

25.موريل ، ان ، 2008 ، ت.ابراهيم اولحيان ومحمد الزكراوي ، طبعة الأولى ، النقد الأدبي المعاصر مناهج، اتجاهات ، قضايا ، القاهرة ، المركز القومي للترجمة.

26.نجيب ، نعمهالله ، و مندور ، أحمد ورمضان ، احمد ، ١٩٩٠ ، مقدمة في الإقتصاد ، القاهرة ، الدار الجامعية.

27.هويدي ، صالح ٢٠١٥ ، المناهج النقدية الحديثة ، أسئلة ومقاربات ، دمشق ، دار نينوى، ط1.

28.الوردي ، علي، ١٩٩٤ ، منطق إبن خلدون ، لبنان، طبعه الثانيه ، دار كوفان للنشر.

29.الوردي ، علي، ٢٠١٨ ، لاهاي عبدالحسين ، طبعه الأولى ،في علم الإجتماع المعرفة .الهرماسي ، علي والهواري ، هناء والكنز ، الديك وشقرون ، عضيبان واحمد ، اشرف الدين والعودي ، أحمد والحسن ، صفوت وعبدالوهاب ، غيون وهناء ، الزغل وعبدي ، عبدالعطي وفهمي ، مسره وظاهر ،

وناس والزبير ، ميهارى والتليلي ، دياب وبالحسن ، التيروامين ، ١٩٩٠ ، الدين فى المجتمعات العربيه ، طبعة الأولى ، بيروت ، مركز دراسات الوحدة العربية.

**پێگه ئەلکترۆنیەکان**

1. العجلان ، محمد ، 2020 ، الإقتصاد المجتمع ، 27 أوكتوبر ٢٠٢٠ www.Maal.com
2. الغامدي ،سارة،2016/4/4،قراءة في كتاب النظرية الدولة في الفكرالخلدوني-www.hekmah .org
3. الجميل،الأفق،2011،إبن خلدون والفارابي وعلم الإجتماع عندالمسلمين www.tomohna.net